دانا عەسکەر (نووسەرو ڕۆژنامەوان) لە کەرکووک بۆ گوڵان:

ئەو زمانە زبرو توانجئامێزەی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە دەرەنجامی ئیفرازاتی سیاسیی وکۆمەڵایەتییە

لێژنەیەکی ئاوا کە قسە لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری کوردی بکات،دەکرا پێشتر ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بکرابووایە، هەر کاتێکیش کرا لە بەرژەوەندی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کاری ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەبێت، بێگومان ئەو کۆمەڵە برادەرە لە دەرئەنجامی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی دایە، کە ئەمڕۆ بە ڕەوش و ئاکامێکی زۆر خراپدا دەڕوات، لە دەرئەنجامی ئەو هەموو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیانە و نەبوونی سیستەمی دیموکراسی کاردانەوەی خراپی لێکەوتەوە .

دروستبوونی ئەو لێژنەیە لە ژێر ناونیشانی (ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسیارێتی لە نووسین) بەیاننامەیەکمان بەکۆی دەنگ نووسیەوە و لێژنەکە پێکهاتبوو لە حەوت کەس، ئەو بەرێزانە دوای گفتوگۆ لەسەر شێوە وچۆنیەتی دارشتنی بابەتەکان هەستان بە ئامادەکردنی ڕەشنووسێک و ئەو ڕەشنووسەش لە ژێر ناونیشانی (ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسیارێتی لە نووسین) لە چەند تەوەرێک خۆی دەگرێتەوە :

١- بەرپرسیارێتی نووسین.
٢- ئازادی ڕاگەیاندن.
٣- سەربەخۆیی ڕاگەیاندن .
٤- ڕاستی و وردبینی .
٥- بێلایەنی ڕاگەیاندن .
٦- نووسینی بە ویژدان .
٧- ڕەوشت و کاری ڕاگەیاندن.

ئەم ڕەشنووسە دوای ئەوەی بڕیارمان لەسەریدا، ٦سەرجەم لایەنە بەرپرسەکانی ڕاگەیاندن و گۆڤارو ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە حزبی و حکومییەکان، لەو کۆنفرانسە ئامادەبین تا لەسەر ناوەڕۆکی بابەت و تەوەرەکان گفتوگۆ بکەین تاوەکو گۆڕانکاری و زیاد و کەمیەک لە لایەن هەر بەرێزێک بخرێتە ڕوو ئێمە وەری دەگرین و ئامادەین لەیەکەم وشە وبڕگەوە ڕەشنووسەکە بگۆڕین و دەستکاری بکەین، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کەلە بەرژەوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی دابێت وناونیشانەکە بێنێتە جێ کە بریتییە لە (ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسیارێتی لە نووسین)، بەڵام بەداخەوە هەندێ لەو بەرێزانە وا تێگەیشتن کە ئێمەهاتووین لێرە پێوەری ئازادی ڕادەربڕین دادەنین و بەهیچ جۆرێک ئازادی ڕادەربڕین ناهێڵین، واتە هەندێک لەو بەرێزانە وا تێگەیشتبوون کە ئێمە هاتووین داکۆکی لە دەسەڵات بکەین، بە پێچەوانەوە ئێمە هیچ کاتێک داکۆکیمان لە دەسەڵات نەکردووە، هەمیشە هەوڵماندواوە ئازادی ڕادەربڕین بکەین بە پێوەرێکی ڕۆژنامەگەری، تاوەکو بتوانین لە ڕێگای ئەو پێوەرانەوە قسە لەسەر ئەزموونی ڕۆشنگەری و ڕۆژنامەوانی کوردی بکەین، بێگومان نەبوونی دەرئەنجام و هەوڵدان بۆ نووسینەوەی ئەو میساقە،کۆمەڵێک فاکتەر هەیە وا لە ئێمە دەکات ئەم حالەت وهۆکارانە دروست بێت:

١- نەبوونی سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی، بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاوە، کە فریانەکەوی کامەیان بخوێنیەوە و ڕاوبۆچونی لەسەر بدەیت و فریانەکەویت جیاوازی لە نێوان ڕۆژنامەی ئەهلی و حکومی و ئازاد و سەربەخۆ و....هتد بکەیت لە ڕاستیدا زمانێکی زۆر سەقەت لە ناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیەو زمانێکی هەڕەشە ئامێز و ترسناک و زبرو ڕەقە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی دروستکردوە، ئەم کێشانە بەتەئکید وەزارەتی ڕۆشنبیری و ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بەپلەی یەکەم لێی بەرپرسیارە. هەروەها ئەو زمانە زبرو ڕەق و تەشهیرەی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە دەرئەنجامی ئیفرازاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیە هەروەها هۆکاری ئەو زمانی زبرو هەڕەشە و ترس و.....هتد کە لەناومالی ڕۆژنامەگەری کوردی هەیە، دەتوانم بڵێم بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کەلەماوەی ئەو (١٥) ساڵەی ڕابردوو کردوویانە لە کورستاندا، واتە شەڕی ناوخۆ و ئەو ڕاگەیاندنە حزبییەی کە زمانی شەڕانگێزیان بەرامبەر یەکتر بەکارهێناوە، ئەمانە وای لە ئێمە کردووە کە کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر زمان و ئەزموونی ڕۆژنامەگەریمان هەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە سایتێک دروستبووە بەداخەوە بەبێ ئەوەی کەس بزانی سەرنووسەری کێیە وبەرێوەبەری نووسین کێیە و بەبێ هیچ پێوەرو سانسۆرێک کۆمەڵێک قسەی شەڕانگێز و جنێو وتەشهیر لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و خودی ڕۆژنامەنووسان و کۆمەڵ دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە.

ئەمانەش دووبارە دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی یاسا و ڕێنماییەک بۆ کاری ڕۆژنامەگەری کوردی،

هۆکاری سەرەکی هەموو ئەمانەش دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو سیستەم و مێژووەی کە حوکم و ئەو دەسەڵاتانەی لەسەرمان هەبووە لەسەرووی هەموویان نیزامی حزبی بەعس، کە کاریگەری خراپیان لەسەرمان بەجێهێشتووە و ئێمەش وامان لێهاتووە نەمانتوانیوە لەم زمان و ڕۆشنبیرییەی بەعس خۆمان ڕزگار بکەین، هاتووین بەهەمان زمان و تێڕوانین و بیروبۆچون و عەقڵیەت بەرامبەر یەکتر خۆبەخۆیی بەکارمان هێناوە .ئێمە دەتوانین پاش ئەوەی گفتوگۆمان لەسەر ئەم تەوەرانە کرد، هەر بەرێزێک بیروبۆچونی خۆی کە خستەڕوو وەرمان گرتووە و لە دوای نیوەڕۆ لێژنەیەکی ترمان پێکهێناوە، لیژنەی پێشتر ئەم بەرێزانەن کە میساقەکەمان ئامادە کردووە: (دکتور دلشاد عەلی، فەتاح زاخۆیی ، زیرەک کەمال، هەڵکەوت عەبدوڵا ، دانا عەسکەر ، کاروان عەبدوڵا ، ئەنوەر محەمەد تاهیر) ، لیژنەی دووەم لەکۆبوونەوەی دوای نیوەڕۆ هەوڵ دەدات میساقەکە بەبیرو باوەڕ و بابەتەکانی ئامادە بووان، باشترو دەوڵەمەندتر بێت چ لە ڕووی ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی بێت چ لە ڕووی پێوەری یاسایی و کاری ڕۆژنامەگەری بێت، کە ئێمە بتوانین لە چەند دانیشتنێکی تریشدا بێت کاری بۆ بکەین تاوەکو میساقێکی تێرو تەسەل و شایستە و پاک و جوان پێشکەش بکەین، کەئەمەش لە ڕێگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە (میساقەکە) بگەینینە پەرلەمان و ببێت بەپێوەرێک بۆ ئەخلاقیەت و نووسین و کاری ڕۆژنامەگەری کوردی،بەڵام دووبارە من دەڵێم ئەمە بۆ ئەوە نییە کە دەرگای ئازادی ڕادەربڕین بخەینە چوارچێوەی پێوەرێک کە کەس نەتوانێ لەسەر ناشیرینییەکان و کەموکوڕیەکانی دەسەڵات قسە بکات، لیژنەی دووەم بریتیی بوو لەم بەرێزانە (د. حوسێن ، خاتوو پەیمان عزەدین، هەڤال ئەبوبەکر ، کۆمەڵی ناوی دیکەی بەرێز کە ناوەکانم نەنووسیوە) شایانی باسە لیژنەی یەکەم و دووەم دادەنیشن لەسەر یەکەیەکەی تەوەرو خالەکان گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی پێوەرێکی جوان بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی دابنرێت، کە دوور لە زمانی زبرو شەڕانگێز و ڕەق بێت، بەڵکو زمانێکی جوان و نەرم و پاک و بێگەرد بێت و ڕەخنەش بە ئازادی بگرێت لە دەسەڵات و کۆمەڵگا و .. هتد بەبێ هیچ تەشهیر و ناو زڕاندنێک .